## نەوەی نوێ و هاوڕێیەتی ئیسلامی سیاسی...!

## عوسمان حاجی مارف

ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی لە دەرگای پەرلەمانەوە دەخلیسکێتە ناو ناڕەزایەتەیە جەماوەریەکانەوە، جگەلە مەرامێکی سیاسی کە بۆ پێداویستی پێگەی حزبەکەیەتی هیچ ئامانجێکی لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی جەماوەری ناڕازیەوە نیە. ئەمە واقعیەتی پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستانە کە زیاتر بۆتە مەیدانێک لە بازاڕی بازرگانی بە سیاسەتەوە، هەر بەو مانایەش پەرلەمان بۆتە گاڵتەجارو ڕسوایی بۆ ئەوانەی بەشدارن و نوێنەریان هەیە لەو پەرلەمانەدا، ناڕەزایەتیەکان لە هەر ئاستێک و توانایەکدا بێت و بۆ هەر داواکاریەک خۆی بنوێنێت، دۆخەکەی بەجۆرێکە فرسەت بۆ ئەو لایەن و هێزانە نیە کە لە ناو دەسەڵات و پەرلەمانەوە بتوانن هێژمۆنی فکری سیاسی خۆیان بەسەر ناڕەزایەتیەکاندا بسەپێنن

ناکرێ مەودای خواستێکی بەرفراوان لە بێزاری و تورەیی و ناڕەزایەتی جەماوەریدا،جگە لە نایەک بۆنەویستنی ئەم دەسەڵاتەی ئێستای حزبەکانی کوردایەتی بۆی بڕوانین، چونکە قەیرانی قوڵی دەسەڵاتی سیاسی لە سەر دەستی بزوتنەوەی کوردایەتی وەک هێزە میلیشیاکانی، دۆخێکی واقعیەو ئەزمونێکی ڕسواو قیزەوەنیان لەسەر شانۆی سیاسی کوردستان خستۆتە ڕوو، کە جگە لەکۆتایی هێنان بەدەسەڵاتەکەیان و ڕماڵینی تەواوی پێکهاتەو دامودەزگاکانیان هیچ ڕێگایەکی تر،بۆ ڕزگاری خەڵک لەم هەلومەرجە نالەبارو نائەمن و فەلاکەت بارو نەخوازراوە کارساز نیە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان، لە ماوەی سی ساڵی دەسەڵاتی سیاسی یەکێتی و پارتیدا شەوێکیان نیە بە ئاسودەیی خەوتبن و بە ئومێدەوە ڕۆژیان لێ هەڵهاتبێت.

ئەوەی گرنگە لەم نێوەدا هەر پێناسەیەک کە بۆ ئەم دەسەڵاتە تاڵانچی و گەندەڵ و جەردەیە دەکرێت، چەند لایەنێک بەناوی ئۆپۆزیسیۆن لە ناو دەسەڵاتدا بونە بەشێک لە پێناسەو پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتە بورجوا ناسیۆنالیست و میلیشیایە. بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵ نمونەیەکی شکستخواردوی ئەم جۆرە ئەزمونەیان نیشانداین، کە بونەتە بەشێک لە ڕووی زیاتر قێزەون بونی ئەم دەسەڵاتە، لە هەمان کاتدا دیمان کە ئاستی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان چۆن یەخەی ئەم هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەشی ڕاوەشان و دایاندڕی و دەستیان لە سوتاندنی بارەگاکانیان نە پاراست.

ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەی کە بەناوی پشتیوانی لە ناڕەزایەتیەکانی ١٧شوبات خۆی نواندو دواتر بونە پاشکۆی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، ئیسلامیەکان نوێژەکانی مەیدانی ئازادیان گواستەوە بۆ ناو پەرلەمان و وەزارەتەکان، دروشمی "ئەی گۆڕین" بوبە پێشکەشکردنی شەقامی ئارام بە دەسەڵات، ئەوە ئاکامی ئەو بەرنامەو ڕێبازە سیاسیەیە کە گۆڕان و ئیسلامیەکان لە هەمان چوارچێوەی بەرنامە و ڕێبازی سیاسی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا نەخشەی بنەڕەتیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەك کە بازاڕی کارو کاری بەکرێ بنەماکەی بێت و خاوەنداریەتی تایبەتی بۆهۆکانی بەرهەم هێنان و کەڵەکەی سەرمایە لە چنگی کەمایەتیەکدا زەوتکرابێت و سوربن لەسەر ئەوەی کە دەبێت پاریزەری کۆمەڵگەیەک بن، نابێت ئینسانەکان یەکسان بن، نایەکسانی بۆیان واقعیەتێکی مێژویی و هەتاهەتاییە، ئۆپۆزیسیۆن بن یا دەسەڵاتدار، هیچ کات پێچەوانەی ئەو بەرنامەو سیاسەتەیان جوڵە ناکەن، ئەو هێزانە

ئەوەندە ئۆپۆزیسیۆن دەبن بەڵکو لە هەلومەرجێکدا فرسەتی ئەوەیان بۆ بێتە پێشەوە لەبری پارتی و یەکێتی بە هەمان ڕێبازی کەڵەکەی سەرمایە و چەوسانەوەی ئینسان خۆیان ببنە خاوەنی دەسەڵات، بەڵام دۆخی سیاسی کوردستان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا ئەو فرسەتەی تیا نەبو کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەو ئاستەدا بێت بتوانن ببنە هێزی یەکەم لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بەڵکو لە ناچاریا چونەوە باوەشی پارتی و یەکێتی و بونە هێزێکی پاشکۆ بۆ پاراستنی هەمان دەسەڵاتی سیاسی.

ئێستاش دۆخی کوردستان کە جۆرێکی تر لە ئاستی بەرزی ناڕەزایەتی بەخۆیەوە نیشان ئەدات، ناڕەزایەتیەک بە هەموو زمان و چەندین جۆری دەربڕینەوە، جەماوەری تورەو ناڕازی داوادەکەن و دەڵێن ئەم دەسەڵاتەمان ناوێت، ئۆپۆزیسێۆنی ناو پەرلەمان و دەسەڵات جارێکی تر سەرەلەقەیانەو لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو ناڕەزایەتیانە، هەڵبەتە لەم کەین و بەینەدا گۆڕان بەجۆرێک نیشانەکانی شکست و ڕسوایی خۆی لەو مەیدانەدا نیشانداوە کە ئەو هەلەی لە دەستدا تا بەگوری دروشمی ئەیگۆڕین جارێکی تر بتوانێ بێتەوە مەیدان.

کۆمەڵ و یەکگرتوش ئەم جارە فرسەتی ئەوەیان نایێت بە نوێژ لە مەیدانەکاندا لایەنگری لە ناڕەزایەتیەکان بکەن، چونکە ڕوخانی دەسەڵات لە خرۆشانێکی جەماوەری بەرفراوانەوە دەبێتە ڕاپەڕینێک، کە نوێژکردن ناتوانێ وەک شێوازی ناڕەزایەتی خۆی تیا بنوێنێت، گۆڕان و ئیسلامیەکان ئێستا بە شێکن لەو دەسەڵاتەی ئایندەیەکی زۆر تاریک چاوەڕوانی دەکات، واتە پێویستە پێش ئەوەی بخلیسکێنە ناو ناڕەزایەتیەکانەوە، دەبێت هەر لەئێستاوە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان بە دەسەڵات و پارتی و یەکێتیەو نەمێنێت.

ئەوەی جێگای تێرامانە لەم نێوەدا "نەوەی نوێی"ە کە وەک هێزێکی تازەی ئۆپۆزیسێۆن لەمەیدانەکەدا گەمەی سیاسی دەکات، بەڵام جگە لە ڕەخنە لە سەر گەندەڵی و بێدەربەستی و ناڕاستگۆیی...، مەبەستی نیە لەسەر گۆڕانی پێکهاتەو سیستمی ئابوری کوردستان، ئابوریەک کەلەسەر چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان دامەزراوە قسەیەک بکات، پێش هەموشتێك سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ بۆ خۆی سەرمایەدارەو گەر دەسەڵاتیش بگرێتە دەست، کە ناتوانێ بیگرێتە دەست، وەک نوێنەری سەرمایەدار کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، پشت دەبەستێت بە کرێی کاری هەرزان لە بازاڕدا. با لەمانە گەڕێین لە باری سیاسیشیەوە، دۆخەکە بۆ نەوەی نوێ لەو ئاستەدا نیە کە بتوانێ فرسەتی دەسەڵاتی هەبێت، چونکە هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە پەیوەند بە هەلومەرجی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چونیەتی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە، نەوەی نوێ ناتوانێ ئەو نمونەیە بێت کە لە باری هێژمۆنی سیاسیەوە پارێزەری سەقامگیری دەسەڵاتی سەرمایەبێت لە کوردستاندا، ئەوەی پارتی و یەکێتی ماوەی سی و یەک ساڵە بە شێوەی ئەو پەڕی نائینسانی و دڕندە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، لە هەمان کاتدا توانیویانە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی سەرمایەداری جیهان بن، سەرۆکی نەوەی نوێ بەهەرجۆرێک بۆتە دەرکەوتەیەک، دەتوانێ سەرمایەدارێکی ناوخۆیی بێت، بەڵام ناتوانێ وەک سیاسیەک نوێنەری پارێزەری دەسەڵاتی سەرمایە بێت لە کوردستاندا، ناتوانێ لە نێو کێشمەکێش و شەری نێوان جەمسەرە ئیمپریالیەکاندا پێکەیەک بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، هەر بۆیە ناشتوانێ لە ئاستی بونی چەند ئەندام پەرلەمانێک زیاتر سیاسەتەکانی بەرێتە پێشەوە، بەڵکو سەرۆکی بزوتنەوەی نەوەی نوێ وەک سەرمایەدارێک خۆی پێویستی بە دەسەڵاتێکە پارێزەری بێت.

لەلایەکی ترەوە گەر بێینەسەر هەنگاوەکانی ئەم دواییانەی نەوەی نوێ کە بەدوای نەوەی کۆنەوەیە، هەوڵئەدات وەک هێزێکی بارزی ئۆپۆزیسۆن لە پەیوەند بە ناڕەزایەتیەکانەوە دەرکەوێت، بە شیوزاێک دوبارەکردنەوەی هەنگاوەکانی بزوتنەوەی گۆڕانە کەلە ١٧شوباتدا کاری لەسەر دەکرد، بەڵام لە دۆخێکی تەواو جیاوازدایە، یەکەم : هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە ئاڵوگۆڕێکی زۆر جیاوازی هەیە لە چاو ٢٠١١دا، چاوەڕوانیەکان ئەوەی تیا پێشبینی دەکرێت کە ناوچەکەو عێراق و کوردستان لە بەردەم پێشهاتەی تازەو ئاڵوگۆڕێکدایە کە جێگەو ڕێگای هێزە سیاسیەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەو ئامادەییەدانیە کە بتوانێ لەو ئاڵوگۆڕانەدا پێگەیەکی بەهێز بەدەست بهێنیت. دووەم : گەر گۆڕان توانی لەو دەورەیەدا پێگەیەک لە حکومەتی بنەکە فراواندا بۆخۆی بەدەسەت بهێنێت، بەمانای ئەوەبو کە پارتی و یەکێتی توانیان هەمان دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بە هەمان پێکهاتەی دەسەڵاتی میلیشایی بپارێزن و گۆڕانیش پشتیوانی لێکردن، بەڵام دەورانی ئێستا پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی یەکێتی و پارتی  لەبەرامبەر ئەو ئاڵوگۆڕانەو قەیرانی سیاسی کە لە ناوچەکەو عێراقدا چاوەڕوان دەکرێت لە ژێر پرسیاردایەو لە قەیرانێکی قوڵدان، بۆیە جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەو حسابانەدا سەوداو مامەڵەی پێ ناکرێت.

نەوەی نوێ بەو شێوازە خێرخوازیانەی بە جێی گەیاند، گەر هەر دەورێکی لە چەواشەکاریدا ببینێت جەماوەرێکی بەدەوری خۆیدا گردکردبێتەوە، بەڵام ئەم دانیشتن و ڕێکەوتنانەی لەگەڵ لایەنە ئیسلامیەکاندا پێکیان هێنا، چەند هەنگاوێک گەڕانەوەیە بۆ دواوە، چونکە ئیسلامیەکان نەک نەیانتوانی بەو ڕێکەوتنانەی کاتی خۆی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕاندا ئەنجامیاندا نزیک بونەوە لە جەماوەری ناڕازی بەدەست بهێنن، بەڵکو وەک بەشێک لەدەسەڵات کەوتنە بەردەم ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانەوە.

هەربۆیە ئاسانە گەر بگەین بەو ئەنجامەی کە مانای ئەو هەنگاوانەی نەوەی نوێی ناچارکردوە بە ڕێکەوتن لەگەڵ  ئیسلامیەکاندا ڕویەکی ناشرینی خۆی نیشان بدات. یەکەم: بنبەستی سیاسی نەوەی نوێیە بۆ ئەو نەخشانەی کە چاوەڕوان بو جێگایە لە پەرلەمانی بەغدا یان لەگەڵ هیزێکی سیاسیدا پێگەیەک بۆ جوڵانەوەکە بەدەست بهێنێت، بەڵام قەیرانی پێکهێنانی حکومەت لە بەغداو ناکۆکی نێوان هێزە میلیشیاکان ئەو ئومێدەی نەوەی نوێی خستە لاوە. دووەم: دۆخی سیاسی کوردستان و قەیرانی دەسەڵات و ناڕۆشنی دۆخی هەڵبژاردن، ئومێدی نەوەی نوێ بەوەی کە ژمارەی کورسیەکانی زیاد بکات، بە ناکامی بەجێ ماوە، هەر بانگەشەیەک بۆ نەوەی نوێ دەبێتە خەرجی زیادە بۆ هەڵبژارنێک کە ئایندەکەی لە هەموو کات نادیارترە. سێیەم: ئاستی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان بۆ خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات لەوە واوەترە کە نەوەی نوێ بتوانێت وەک ئەڵتەرنەتیفێک بێتە مەیدانەوەو بتوانێ نوێنەرایەتی ناڕەزایەتیەکان بە چەواشەکاری بباتە سەر، خرۆشانی جەماوەری و ڕاپەرین، هەڕەشە لە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و سەرمایەی سەرۆکی نەوەی نوێش دەکات. هەر بۆیە نەوەی نوێ زیاتر دەکەوێتە سەرەگێژەو گێژاوێکەوە گەر زیادەڕۆیی بکات نەک پێگەی سیاسی، سەرمایەکەشی لە دەست ئەدات، هەر بۆیە لەم نێوەدا پێکهێنانی بەرەی لەگەڵ ئیسلامیەکان هەڵبژاردووە.